**بەناوی خوای بەخشندە و میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برِگە (1)ی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1)ی سالّی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (2)ی رۆژی 2008/9/15دا برِیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (13) ی سالّی 2008**

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە(9)ی سالّی 2007 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراقدا**

**ماددەی یەکەم:ـ**

برگەی (شەشەم) لە ماددەی (پێنجەم) لە یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**شەشەم:**

براو خوشك و مندالّی قوربانیانی جینۆساید لە مەرجەکانی کە لە برگەکانی (2،3)ی سەرەوە داهاتوون بەدەردەبن تا کاتی قەرەبوو کردنیان لەلایەن حکومەتی فیدرالەوە.

**ماددەی دووەم:ـ**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:ـ**

ئەم یاسایە لە رۆژی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە(9)ی سالّی 2007 یاسای ماف و ئیمتیاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراقدا کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّو دەکرێتەوە.

**عەدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

---

تێبینی : ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 23 ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا